بەش / مێژوو

کۆلێژ / ئاداب

زانکۆ / سەلاحەددین-هەولێر

بابەت / مێژووی ئەوروپا لەسەدەکانی ناوەراست

پەرتووکی کۆرس / قۆناغی دووەم

ناوی مامۆستا : جوامێر محمد رشید / ماستەر

سالی خوێندن: **2022-2023**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

<table>
<tr><td>1.ناوی کۆرس</td><td></td></tr>
<tr><td>2.ناوی مامۆستای بەر پرس</td><td></td></tr>
<tr><td>3.بەش /کۆلێژ</td><td>مێژوو / ئاداب</td></tr>
<tr><td>4.پەیوەندی</td><td>ئیمێل : jawameer.rashid@su.edu.krd</td></tr>
<tr><td>5.یەکەی خوێندن) بە سەعات (لە هەفتەیەک</td><td>تیۆری : 3 کاتژمێر</td></tr>
<tr><td>6.ژمارەی کارکردن</td><td>
<table>
<tr><td>رۆژ</td><td>8:30 – 9:30</td><td>9:30 – 10:30</td><td>10:30 – 11:30</td><td>11:30 – 12:30</td></tr>
<tr><td>یەکشەممە</td><td></td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>دووشەممە</td><td></td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>سێشەممە</td><td></td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>چوارشەممە</td><td></td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>پێنجشەممە</td><td></td><td></td><td></td><td></td></tr>
</table>
</td></tr>
<tr><td>7.کۆدی کۆرس</td><td></td></tr>
<tr><td>8.پرۆفایەلی مامۆستا</td><td>ناوی تەواو : جوامیر محمد رشید<br><br>نازناوی زاستی / مامۆستای یاریدەدەر<br><br>پسپۆری : مێژووی گشتی<br><br>پسپۆری وورد:  کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەراست<br><br>شوێنی کار : بەشی مێژوو  - کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەددین<br><br>بروانامەی بکالوریوس : ١٩٩٩-٢٠٠٠  /  زانکۆی سەلاحەددین / کۆلێژی ئاداب – بەشی مێژوو<br><br>بروانامەی ماستەر : ٢٠١٣-٢٠١٤<br><br>ناونیشانی ماستەر نامە :<br><br>(джон уиклиф и его учение о церкви и государстве)<br><br>توێژینەوە :<br><br>بلاوکراوەکان : :<br><br>-کێشەی جێنشینایەتی قاجار لەنێوان مللملانێ نێوخۆییەکان و کێبرکێی ولاتانی ئەوروپا / گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددین ..<br><br>- رۆژهەڵاتناس بارتۆلد و تێروانینەکانی لەمەر میضژووی شارستانیەتی ئیسلامی/  گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددین ..<br><br>- کوردناسی رووس ئیساك ئۆسیفۆڤیچ تسوکێرمان(Исаак Иосифович Цукерман) (09.05.1909 — 03.02.1998)<br><br>کتێب :</td></tr>
</table>

| | |
|---|---|
| | بلاوكراوه : |
| .9وشە سەرەكیەكان | |

**.10ناوەرۆكی گشتی كۆرس:**

مێژووی ئەوروپا بەگشتی و قۆناغی سەدەكانی ناوەنجی بە تایبەتی بە یەكیك لە بابەتە گرنگەكان ئەژمار دەكرێت لە ماوەی سالانی خوێندنی قوتابیانی بەشی مێژوو، سەردەمیك كە ١٠٠٠ سالّ دەخایەنێت بە سێ ماوەو قۆناغی جیاواز، كە سەرەتاكانی لە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی مەزنی رۆمانی دەست پێ دەكات، مێژوویەك لەناویدا دووسەدە لە تاریكی بالی بەسەر مێژووی كیشوەری ئەوروپا كیشاوە، بێگومان ئەم سەردەم و ماوە زۆرەی مێژووی ئەوروپا لەنێوان هەردوو سەردەمی كۆن و نوێدا ئەلّقەی پیكەوە بەستنی هەردوو سەردەمەكەیە.

ئەوروپا لەسەدەكانی ناوەراستدا لە رووی رەهەندی سیاسیەوە پر لە روداوو و وێستگەی گرنگ و گۆرانكاریە هەر لەسەردەمی سەرهەلدانی شانشینە جێرمانیەكان تا سەردەمی كۆتایی سەدەكانی ناوەراست و هاتنە كایەی دەولەتە نوێیەكان لە ئەوروپا، بەتایبەت لە رۆژئاوای كیشوەرەكەدا، جگە لە رەهندی سیاسی بێگومان رەهەندی شارستانی سەدەكانی ناوەراستی ئەوروپا پێویستی بە هەلوەستە لەسەر كردن و خوێندنەوەی وردو لەسەرخۆ هەیە تاكو لایەنەكانی پێرۆ شارستانیەتی ئەوروپا و ئادگارەكانی تێبگەین لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە ئەوروپای ناوەراست و سیستەمی ئابووری و سیاسی و كۆمەلآیەتی كۆمەلگەی ئەورپی خەسلەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە چ لە رووی زەمەن و چ لە رووی توخمەكانی. ئەمە سەرباری ئەو گۆرانكاریە مەزنانەی كە لە دوو سەدەی كۆتایی سەردەمی ناوەراستدا ئەوروپا بەخۆیەوە بینیوە لە بزاڤی هزری و رێنیسانس و سەرەتاكانی ریفۆرمی ئایینی كە بوونە مایەی دروستبوونی زەمینەی پیشكەوتنی رەوتی شارستانی و ئەدەبی و زانستی تا دەگات بە دەستپێكی بزاڤی دۆزینەوە جوگرافیەكان لە كۆتاییەكانی سەدەكانی ناوەراستدا .

تێگەیشتن و خوێندنەوەی هەزار سال لە مێژووی ئەوروپا كارێكی ئاسان نیەو لەهەمان كاتیشدا پێویست و گرنگیشە، لە و سۆنگەی كە بە بێ تیگەیشتن و گەرانەوە بۆ سەدە ناوەنجیەكان مەحالّە لە سەردەمی نوی و روداوكانی تێبگەین، ئەوەی هزری ئەمرۆی مرۆڤەكان پێی گەیشتوەو لە ئەوروپا گرێدرلوی رابردوەكەیەتی و لە هەناوی مێژوەكەیەوە هاتوە.لیرەوە دەگەینە ئەو راستیەی كە دەبێ مێژوو لە تەنها سەردەمێكدا نەخوێنریتەوە بەلكو رەچاوی هەموو هەلو مەرج و سەردەمەكانی بكریێت تاكو زاتیار لەخۆمان تێ بگەین.

**.11ئامانجەكانی كۆرس**

١- قۆستنەوەی كۆرسەكە بۆ ئاشنا كردنی قوتابیانی خوشەویست بە مێژووی ئەوروپای ناوەراست و كاریگەری بەسەر مێژووی ئەوروپا وجیهانەوە

٢- شیكردنەوەی ڕووداوە مێژووییە گرنگەكان لە چوار چێوەی مێژووی ئەوروپادا فۆكۆس خستنە

سەر لایەنە سیاسی و سەربازی و شارستانیەکەی

٣- خستنە رووی کاریگەری و رەنگدانەوەی پەرەسەندنەکانی ئەوروپا بەتایبەتی کاریگەری دامەزراوەی ئاینی مەسیحی و پەیوەندی و ململانێی لەگەل دەسەلاتی سیاسی.

٤- چۆنیەتی گواستنەوەی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەراستەوە بەرەو سەردەمی نوێ و بوژانەوەی ئەورپا لە روی هرزی و رۆشنبیریەوە.

٥- گرێدان و بەستنەوەی هەندی لە رووداوە مێژووییەکان بە داکەوتەی مێژوویی و سیاسی ئەمرۆمان و دەست خستنە سەر هەندی لایەنی پەیوەست بەدیوەکەی تری و لە دیدێکی فەلسەفیانەوە .

٦- هاندانی قوتیان بۆ زیاتر خۆ رۆشنبیرکردن و سوود وەرگرتن لە مێژووی نەتەوەو گەلانی بیانی وەك ولاتانی ئەوروپا و رونکردنەوەی ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیان بەژیانی ئیمەشەوە هەیە.

**12.ئەرکەکانی قوتابی**

سەبارەت بە ئەرکی قوتابیان لە کۆرسەکەدا ، پێویستە بەربرسانە مامەلە لەگەل وانەکە بکات ، ئەویش لەرێگای ئامادەبوونی بەردەوام ، چونکە بابەتی کۆرسەکە بەشێوەیەك دارێژراوە کە تێك هەلکێشی یەکترن ، زۆرجار بابەتە مێژوویەکان لە تیۆری و شێوازی دارشتن دەچێتە بواری لێکدانەوە و شیکاری بۆیە ئامادە نەبوونی قوتابی کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لە تێنەگەیشتنی لەبابەتەکە ، لەلایەکی دیکەوە لەرێگای ئەنجامدانی تاقیکردنەوە کە پێویستە هەموو قوتابیان تێیدا بەشدا بن ، کە ئەویش وەك پێوەرێك دادەنرێت بۆ تواناکانی قوتابی و تێگەیشتنەکانی لەبابەتی کۆرسەکە ، بێگومان سەرکەوتنی قوتابی لەوەدا جێگای خۆی دەگرێت ، کە ئەرکەکانی بە تەواوەتی جێ بەجێ بکات ، بەشێوەیەك رۆژانە پێداچوونەوە بە بابەتەکە بکات و بگەرێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەو ژێدەرە سەرەکییانەی کە لەبابەتەکە سوودی لێ دەبینێت ، تەنها پەیوەست نەبێت بەوەی کە لە ماموستاکەیەوە پیضی دەگات ، هەروەها هەرقوتابیەك تەنها لەکاتی تاقیکردنەوەکان پێداچوونەوە بکات ، بەدلنیایەوە ماندووبونێکی بێ ئاکام دەستەبەر دەکات .

**13.رێگەی وانە ووتنەوە**

شێوازی وتنەوەی وانەو بەکارهێنانی ئامرازە پیویستەکان بەشێکن لە سەرکەوتنی پرۆسەی پێگەیاندن و گەیاندنی زانیاریەکان بە وەرگر، بێگوکان بابەتە مێژووییەکان گرنگی زۆریان هەیە کە مامۆستا وابکات سەرنجی قوتبیەکان رابکشیت بو ئەو یەکەو و بابەتانەی کە نمایشی دەکات لە چوارچێوەی بابەتەکەیدا .. بۆیە گرنگە مامۆستا خۆی تەواو شارەزا بیت لەو بابەتەی کە دەیلێتەوە پاشان ئامرازی بیویستش بەکار بهێنێت بۆ زیاتر سودمەندبوونی قوتابیان و بە شێوەیەکی ئەکادیمی و هاوچەرخ وانەکان بیشکەش بکریت..

سەبارەت بە میکانیزمی وتنەوەی کۆرسەکە : بابەتەکان بە شیوەی محازەرە پێشکەش دەکرێن لەماوەی ئەمسالی خوێندنی ئەکادیمی ٢٠١٩-٢٠٢٠ هاوکات ئەوەی بە پیویست بزانرێت لە خستنە روی نەخشەو بەلگە نامە و دۆکۆمینت وەك بەشێك لە پێداویستیەکان دەخرینە ڕوو، پراکتیزەکردنی شێوازی گفتوگۆ وئاراستەکردنی پرسیارو دروستکردنی دیالۆگ، بەکارهێنانی بەرنامەی شۆ و ئامرازەکانی گەیاندن (داتاشۆ).

**14.سیستەمی هەلسەنگاندن:**

سەبارەت بە سیستەمی هەلسەنگاندن لە ماوەی کۆرسەکەدا قوتابی تا کۆتایی کۆرس ٣ تاقیکردنەوە ئەنجام دەدات بەم شیوەی خوارەوە:

- تاقیکردنەوەی یەکەم: بەشێوزای ناوەندی دەبێت
- تاقیکردنەوەی دووەم : بەشێوزای ناوەندی دەبێت
-

**دابەشکردنی نمرەکان**

| |
|---|
| **له میانی سالێکی خوێندن قوتابیان سێ تاقیکردنەوە ئەنجام دەدەن، کە هەریەك لە تاقیکردنەوەکان (١٥)نمرەیان بەردەکەوێت، پلوس (١٠) نمرە بۆ چالاکییەکانی قوتابی و و پابەندبوونی بە رێنماییە زانکۆییەکان و ئامادەبوونی لە هۆڵدا وئەو ئەرك و داواکاریانەی مامۆستای بابەت دەیخاتە ئەستۆی، واتە قوتابی نمرەی شایستەی خۆی لە (٤٠)ی کۆشش وەردەگرێت کە لە کۆتایی ساڵدا دەخرێتە پاڵ نمرەی بەدەست هاتوو لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ کە لە (٦٠) ئەنجام دەدرێت .** |
| **15.دەرئەنجامەکانی فێربوون**<br>**هەڵدانەوەی لاپەرەکانی مێژووی مێژووی ئەوروپا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لانی کەم لە ئیستادا کیشوەری ئەورپا کاریگەری لەسەر جیهان و ناوچەکە هەیە لە رووی سیاسی و ئابووری کۆمەلایەتی و فەرهەنگیەوە و ئیمەی کوردیش بێگومان بەدەر نین لەو کاریگەریانە ،دەخوازی چەردەیەک لە باکگراوندی میضژوویی کیشوەرکە وەربگرین رووداو پێشهاتە سیاسیەکانو پەرەسەندنە شارستانیەکانیان تی بگەین و کاردانەوەی لە رابردودا دەرک بکەین هەروەها گەیشتن بە کۆمەلی راستی مێژوویی کە تایبەتن بە مێژووی ئەوروپا و مۆرکی ئەوروپیانەی هەیە نەخاسمە لایەنە هزری و مەعریفیەکەی مێژووی ئەوروپا و رۆڵی پێشەنگە بەراییەکانی چاکسازییە ئایینی و هزریەکانی لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەراستدا ..بۆیە قوتابی لە ماوەی کۆرسەکەی چەندین پرسیاری لا گەلالە دەبیت وە لەهەمان کاتیش چەندین راستی مێژوویی وەک وەلام دەست دەکەویت .** |
| **16.لیستی سەرچاوەکان:**<br>**بەزمانی کوردی:**<br><br>محمد حسین توفیق و عبدالامیر محمد امین، مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەراستدا، و. مستەفا سەعید عەلی،چاپی یەکەم، چوارچرا، کتێبخانەی هەورامان، ٢٠١٣.<br><br>محمد حسین توفیق و عبدالامیر محمد امین، شارستانیەتی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەراستدا، و. مستەفا سەعید عەلی، چاپی یەکەم، چوارچرا، کتێبخانەی هەورامان ، ٢٠١٣.<br><br>جیمیس کوریک، بەرایی سەدەکانی ناوەراست، زنجیرە مێژووی جیهان، و. علی بوداغی، دەزگای توێژنەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان و وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.<br><br>جیمیس کوریک، کۆتایی سەدەکانی ناوەراست، زنجیرە مێژووی جیهان، و. رەسول سوڵتانی، دەزگای توێژنەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان و وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.<br><br>دان ناردۆ، سەرهەڵدانی مەسیحیەت، زنجیرە مێژووی جیهان، و. مەهدی خوون دڵ، دەزگای توێژنەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان و وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.<br><br>دان ناردۆ، لاواز بوون هەرەسهێنانی ئیمپراتوریەتی رۆم، زنجیرە مێژووی جیهان، و. ئەسکەندەر مەحمود، دەزگای توێژنەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان و وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.<br><br>د.غانم محمد صالح، بیری سیاسی کۆن و ناوەراست، و:سەلام کریم عەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێمن (چوار چرا)،سەیدسادق، ٢٠٠٥.<br><br>کەمال پۆلادی، مێژووی هزری سیاسی لە رۆژئاوا، لە سۆکراتەوە تا مکیاڤیلی سەردەمی کۆن و |

ناوەراست، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزراەتی پەروەردە، ٢٠٠٥.

د.جڤری برۆن، پوختەی مێژووی ئەوروپا لە کۆنەوە تا ئەمرۆ (سەردەمی کۆن، سەدەکانی ناوەراست، سەردەمی نوێ)، و: نهاد جلال حبیب الله، ٢٠٠٩.

د. کمال مەزهەر رێنسانس

هاشم سالح، سةرةتايةك لة رؤشنكةرى ئةوروبا

سامان حسين، رةهةندةكانى ريفؤرمى ئاينى

**زمانی عەرەبی:**

- نورالدين حاطوم، تاريخ العصر الوسيط في اوروبة،الجزء الاول من اواخر العصر الرومانى الى القرن الثاني عشر، دار الفكر.

سعيد عبدالفتاح عاشور، تاريخ اوروبا فى العصور الوسطى، دار النهضه العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٦.

- سعيد عبدالفتاح عاشور، اوروبا العصور الوسطى، الجزء الثانى (النظم و الحضارة)، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٥٩.

- سعيد عببدالفتاح عاشور، الجامعات في العصور الوسطى، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

د.جوزيف نسيم يوسف، تاريخ العصور الوسطى الاوروبية و حضارتها، مؤسسة شباب الجامعةللطباعة والنشر والتوزيع، الاسكندرية، ١٩٨٤.

- د. نعيم فرح، الحضارة الاوروبية فى العصور الوسطى، الطبعة الثانية، دمشق، ٢٠٠٠.

- محمد الخطيب، حضارة اوروبا فى العصور الوسطى، الطبعة الاولى، دار علاءالدين للنشر و التوزيع، ٢٠٠٦.

- نورمان ف. كانتور، التاريخ الوسيط، قصة حضارة البداية و النهاية، ترجمة: د. قاسم عبد قاسم،ج١، ط ٥، عين للدراسات، ١٩٩٧.

- نورمان ف. كانتور، التاريخ الوسيط، قصة حضارة البداية و النهاية، ترجمة: د. قاسم عبد قاسم،ج٢، ط ٥، عين للدراسات، ١٩٩٧.

- هـ. و. س. دايفس، اوروبا فى العصور الوسطى، ت. د. عبدالحميد حمدى محمود، ط ١، الاسكندرية، ١٩٥٨.

-د. محمود سعيد عمران، معالم تاريخ اوروبا فى العصور الوسطى، دار المعريفة الجامعية،

الاسكندرية، دون سنة الطبع.

اشرف صالح محمد سيد، قراءة في تاريخ و حضارة اوروبا العصور الوسطى، الطبعة الالكتونية الاولى، شركة الكتاب العربي الالكتروني، لبنان، ٢٠٠٨.

- غي تستاس، جان تستاس، محاكم التفتيش، ترجمة: د.ميساء السيوفي، مراجعة: د.جمال شحيد، الطبعة الاولى، الاهالي للطباعة و النشر والتوزيع، ٢٠٠٥.

- د.السيد الباز العريني: تاريخ اوروبا العصور الوسطى، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.

- مانع السعدون: المسيحية (العقيدة والمذهب و التاريخ)،الطبعة الاولى، دار التنابيع، سوريا (دمشقظ)، ٢٠١٠.

- س.رون. هلستر، اوروبا العصور الوسطى، ترجمة: د.محمد فتحي الشاعر، مكتبة الانجلو المصرية.

- هنري بيرين، تاريخ اوروبا في العصور الوسطى (الحياة الاقتصادية و الاجتماعية)، ترجمة د.عطية القوصي،الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٦.

- غنار سكيربك و نلز غليجي، تاريخ الفكر الغربي من اليونان القديمة الى القرن العشرين، ترجمة: د.حيدر حاج اسماعيل،الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠١٢.

- د.اسحاق عبيد، اوروبا في العصور الوسطى(المفهوم و الحضارة).

| 17.بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| **تەوەرەکانی مێژووی ئەوروپا لەسەدەکانی ناوەراست**<br>**(بەشی یەکەم : مێژووی سیاسی)**<br>**تەوەرەی یەکەم: چەمکی سەدەکانی ناوەراست (شیکردنەوەو زانیاری)**<br>**-چوارچێوەی گشتی چەمکەکە (سەرەتاو کۆتایی سەدەکانی ناوەراست)**<br>**-قۆناغەکان و توخمە پێکهێنەرەکانی**<br><br>**تەوەرەی دووەم :**<br>**-هۆکارەکانی روخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی**<br>**-**<br>**تەوەرەی سێیەم :**<br>ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و قۆناغی یەکەمی داگیرکاری خێڵە بەربەریەکان (جەرمانیەکان)<br>- گۆتە رۆژئاواییەکان<br>- بورگوندیەکان<br>- وەندالەکان<br>- هونەکان<br>**تەوەرەی چوارەم: شەپۆلی دووەم لە داگیرکاری خێڵە بەربەریەکان**<br>- **فەرەنگەکان**<br>- **گۆتە رۆژهەلاتیەکان**<br>- **ئەنگلۆسەکسۆنەکان**<br>- **دەرئەنجامەکانی داگیرکاری خێڵە جەرمانەیکان** | **م.ی.جوامیر محمد رشید** |

تەوەرەی پێنجەم و شەشەم: شانشینی فەرەنگەکان و فەرمانرەوایی بنەماڵەی میرۆڤینگیەکان (دامەزراندن، فراوانبوون و کۆتایی شانشینەکە) ٤٨١-٧٥٢ز
- شارل مارتل و جەنگی بواتیە
تەوەرەی حەوتەم: شانشینی فرەنگیەکان و فەرمانرەوایی بنەماڵەی کارۆلەنگیەکان لە رۆئاوا ٧٦٨-٨٠٠
تەوەرەی هەشتەم: شارلمان و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی کارۆلەنگی لە ٨٠٠-٨١٤
تەوەرەی نۆیەم : ئیمپراتۆریەتی کارۆلەنگی لە دوای شارلمان تا پەیماننامەی ڤێردان لە٨٤٣ ز.
تەوەرەی دەیەم: ئیمپراتۆریەتی کارۆلەنگی لە داوی پەیماننامەی ڤێردان تا کۆتایی ئیمپراتۆریەتەکە
- هۆکارەکانی کەوتنی ئیمپراتۆریەتی کارۆلەنگی.
تەوەرەی یازدەیەم: دورگەکانی بەریتانیا لە لەسەدەی پینج تاکو سەدەی دەی زایینی.
تەوەرەی دوازدەهەم: زیدوو کردنەوەی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز لە ئەلمانیا ٩١١-١٢٥٤ز.
- خیزانی سەکسۆنی و دروستبوونی ئیمپراتۆریەت ٩١٩-١٠٢٤ز.
- خێزانی سالی (فرانکفۆنی) و ناکۆکیەکانی لەگەل دامەزراوەی پاپەویەت١٠٢٤-١١١٥ز.
- خێزانی هوهنشتاوفن و بەردەوامی ناکۆکیەکان ١١٣٨-١٢٥٤ز.

تەوەرەی سێزدەهەم : فەرەنسا لە داوی پەیماننامەی ڤێردان و دەرکەوتنی بنەماڵەی کاپێ Capet.
تەوەرەی چواردەهەم: ئینگلتەرا لەسەردەمی فەتحی نۆرماندیەکاندا ١٠٦٦-١٣٠٧ز و پێشەکەوتنی ژیانی دەستوری.
تەوەرەی پازدەهەم : بارودۆخی ئیتالیا وکێشەکانی کەنیسە و چاسکازیەکانی کلۆنی.
تەوەرەی شازدەهەم: جەنگی سەد ساڵەی نێوان فەرنسا و بەریتانیا.
(بەشی دووەم: پێرۆو شارستانیەت)
تەوەرەی حەڤدەم: مەسیحیەت و دامەزراوەی پاپەویەت لە سەدەکانی ناوەراست
تەوەرەی هەژدەم:رێنیسانسی کارۆلۆنگی
تەوەرەی نۆزدەهەم: سیستەمی فیۆدالی لە ئەوروپا
تەوەرەی بیستەم: بارودۆخی ئابووری ( کشتوکال-بازرگانی -پیشەسازی)
تەوەرەی بیست و یەکەم: بارودۆخی کۆمەڵایەتی
تەوەرەی بیست و دووەم: گەشەکردنی شارەکان لەسەدەکانی ناوەراست لە ئەوروپا
تەوەرەی بیست و سێیەم: خوێندن و پەروەردە (قوتابخانەکان و دامەزراندنی زانکۆکان لە ئەوروپا)
تەوەرەی بیست و چوارەم: فەلسەفەو مەسیحیەت
تەوەرەی بیست و پێنجەم: ئیتالیا و بزوتنەوەی رێنسانس (بوژانەوەی هونەری و ئەدەبی)
تەوەرەی بیست و شەشەم: دادگاکانی پشکنین لە ئەوروپا و ئیسپانیا.
تەوەرەی بیست و حەوتەم: سەرەتاکانی ریفۆرمی ئایینی لە ئەوروپا(ئینگلتەرا - ئەلمانیا)

| | |
|---|---|
| | |
| | 18.بابەتی پراکتیک) ئەگەر هەبێت( |
| ناوی مامۆستا<br>وەک 3-4 :کاتژمێر | لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە .هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت . |

**19.تاقیکردنەوەکان**

**20.تێبینی تر**

لە لەخالی 13 ئاماژە بە ملزمە دەکات ، بێگومان ئەم خالە پێچەوانەی بریاری زانکۆیە کە بەهەموو شێوەیەك قەدەغەی ئەو دیاردەیەی کردووە ، بەلام لە دلنیای جۆری جەختان لەسەر کردۆتەوە ، بۆ ئاگاداریتان .

**21.پێداچوونەوەی هاوەڵ**

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و چەند وشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.

هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبێت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت .